# چارەنووسی قودس لە جەنگ و ڕێککەوتنەکانی پادشا ئەیوبییەکاندا (583 - 642 ك/ 1187 - 1244ز)

**ياسين طه محمد**

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**– مەبەست لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو بارگۆڕانانەیە کە بەسەر شوناس و بارودۆخی شاری قودسدا هاتوون لە هەڵکشان و داکشانەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا، هەر لە گێڕانەوەی "شارە پیرۆز" ـەکەوە بۆ سایەی حوکمڕانی ئیسلامی لە سەردەمی سوڵتان سەلاحەدین (583ك/1187ز)، تا دەگاتە ڕادەستکردنەوەی بە خاچپییەکان لە دوو ڕێککەوتندا؛ یەکەمیان لەلایەن "مەلیك کامیل"ی برازا و زاوای "سەلاحەدین" (626ك/1229ز)، دووەمجاریش لەلایەن سێ پادشای ئەیوبی لە برازا جێنشینەکانی دیکەی کە حوکمڕانی شام بوون (642ك/ 1244ز). پێدراوە مێژوییەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن ئەو گرنگییەی "سەلاحەدینی ئەیوبی" بە گێڕانەوەی قودسی داوە کە ئامانجێکی گەورە و سەرانسەری بووە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی، هەروەها ئەو هێزەشی کە گێڕانەوەی ئەم شارە بە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی بەخشیوە، لە سەردەمی جێنشینەکانیدا، لەلایەك بەهۆی خەمساردی و لە لایەکی تر بەهۆی ململانێی نێوخۆیی لەسەر دەسەڵات و هەروەها گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجیشەوە؛ گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەم هۆیەشەوە دەستکەوتە گرنگەکەی "سەلاحەدینی ئەیوبی" کراوەتە کارتێك بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ خاچپییەکان و هۆکارێك بۆ سەرکەوتن و باڵادەستی بەسەر یەکتریدا، ئەمەش ڕەخنە و تووڕەیی زۆری هێناوەتە جێنشینەکانی "سوڵتان سەلاحەدین" چونکە نەیانتوانی پارێزگاری لەم دەستکەوتە گەورەیە بکەن و لە بری ئەوە بە ناکۆکی و پەرتەوازەیی و هەوڵی زاڵبوون بەسەر یەکدا سەرقاڵبوون. میتۆدی توێژینەوەکەش مێژوویی شیکارییە و تیشك دەخاتە سەر مامەڵەی پادشا ئەیوبییەکان لەگەڵ پرسێکی هەستیار لە قۆناغی پاش فەرمانڕەوایی"سەلاحەدینی ئەیوبی" کە دۆسیەی شاری قودسی کێشە لەسەرە.

**کلیکە ووشە:** سەلاحەدینی ئەیوبی، گێڕانەوەی قودس، ڕادەستکرنی قودس، خاچپییەکان، پادشا ئەیوبییەکان.

## پێشەکی:

گێڕانەوەی قودس بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکانی سەردەمی حوکمڕانیی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبییە لە میسر (567-589/ 1171 1192)، بەڵام پاش خۆی و لە سەردەمی جێگرەوەکانیدا دەکرێتە کارتێك بۆ بەخشین و ڕادەستکردن و خۆبەهێزکردن لە ململانێی نێوخۆیی ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەدا، ئەمەش جێگەی هەڵوێستەکردن و وردبوونەوەیە و گۆشەیەکی گونجاوە بۆ بنکۆڵکاری لە گۆشەنیگایەکی ئەکادیمی گشتگیر و هەمەلایەنەوە .

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتەسەر گرنگی قودس و بارگۆڕانەکانی شوناسی شارەکە لە سەردەمی "سەلاحەدینی ئەیوبی" یەوە کە بە گێڕانەوەی شارەکە لە خاچپییەکان ناوی چووە مێژووەوە (583ك/1193ز)، تا کۆتاییەکانی حوکمڕانی پادشا ئەیوبییەکان کە دوو جار لە دۆخی لاوازی و داکشاندا شاری قودسیان ڕادەستی خاچپییەکان کردەوە. میتۆدی توێژینەوەکەش مێژوویی شیکارییە و بەڕیزبەندیی بە وێستگە گرنگەکانی مێژووی شارەکەدا گوزەر دەکات پاش ساڵی 583ك/ 1193ز کە یەکەم گەڕانەوەی شارەکەی بەخۆیەوە دیوە بۆ سایەی دەسەڵاتی ئەیوبی و بۆ دووەمجار لە مێژووی ئیسلامدا بە گشتی.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەش، گرنگی پاشخانی مێژوویی شاری قودسە وەك پێگەیەکی کێشە لەسەر نێوان پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکان. پرسیاری سەرەکی بابەتەکەش چۆنییەتی مامەڵەکردنی جێنیشنەکانی "سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی" و پادشاکانی بنەماڵەکەیەتی لەگەڵ یەکێك لە گرنگترین میراتە گرنگەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتەکە کە گێڕانەوەی شاری قودسە. هەروەها هەوڵدراوە لێکەوتەی ململانێ و کێشمەکێشە ناوخۆییەکانی بنەماڵەی ئەیوبی لەسەر دۆخی شاری قودس ڕوونبکرێتەوە لەبەر ڕۆشنایی دەقە مێژووییە بەردەستەکان و لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بارودۆخی جەنگ و ململانێکان لەگەڵ خاچپییەکان .

توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت؛ یەکەمیان لەبارەی گرنگی قودس و قۆناغی گێڕانەوەیەتی بۆ سایەی دەسەڵاتی ئیسلامی لە سەردەمی "سەلاحەدینی ئەیوبی"، دووەمیشیان گوزەرێکی مێژوویی شیکارییە بەو دوو وێستگەیەی کە تێیدا پادشا ئەیوبییەکان قودسیان ڕادەستی خاچپییەکان کردووەتەوە .

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەو دابەشبوونە زەقەی سەرچاوە مێژوییەکانی هاوچەرخی سەردەمی ئەیوبییە لەبارەی سەلاحەدین و جێگرەوەکانی، سەرچاوەکان بە تێکڕا وێناکردنێکی زۆر ئەرێنیانەیان هەیە بۆ سەلاحەدین جگە لە "ابن الأثير"، بە پێچەوانەشەوە لە ئاست ناکۆکی و ململانێی جێگرەوەکانی ڕەخنەی توندیان هەیە و ئاستی چاوەڕوانییان لێیان زۆر بەرزە.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 10، العدد 4(2024) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n4y2024.pp68-77
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 29 أيار 2024؛ قُبل في 30 حزيران 2024؛ نُشرت في 29 تشرين الأول 2024؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : yaseen.ahmed@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2024 ياسين طه محمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## تەوەری یەکەم
## قودس لە سەرەتای ئیسلامەوە تا کۆتایی سەردەمی سەلاحەدین

### 1ــ پێگەو گرنگی قودس لە ئایینە ئاسمانییەکاندا

شاری قودس وەك بەشێك لە خاکی فەلەستین باکگراوەندێکی مێژوویی و ئایینیی قووڵی هەیە، لای پەیڕەوانی ئایینە ئاسمانییەکان ناوچەکە بە "وڵاتی پیرۆز" و خاکی زیندوبوونەوە (أرض الميعاد) ناوبراوە، بەلای جووەکانەوە بە پێتەختی حوکمی "داود" و سلیمان"ی پێغەمبەرانی "بني اسرائيل"بەناوبانگە (الصوري،1992، 83/2؛ ظفرخان: 1981، 22)، هەرچەندیشە ڕاستەوخۆ لە کتێبی پیرۆزی تەوراتدا ناوی "قودس" نەهاتووە کە بە زمانی عیبری "یوروشالیم"ـە، بەڵام دەوروبەری 600 جار لە "کتێبی پیرۆز" دا ئاماژەی بۆکراوە و لە نێو کلتووری جوودا حەفتا ناوی جۆراوجۆری هەیە کە زۆربەیان پەیوەستن بە قوربانییەکەی "پێغەمبەر ئیبراهیم" بۆ خودا کە باوەڕیان وایە لەم شارە بووە (rossingcenter, 2024). لای مەسیحییەکان، شاری قودس تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، چونکە کڵێسای "القيامة" لەخۆدەگرێت کە جێگایەکی دێرین و پیرۆزی ئەم ئایینەیە و ئارامگای دایکی مەسیح (مريم العذراء)ی تێدایە (الصوري، 1992، 84/2). مەسیحییەکان پێیانوایە کڵێساکە جێگای لەخاچدانی مەسیح و گەڕانەوەیەتی بۆلای خودا گۆڕەکەی لەوێ بووە، هەروەها ڕووگەی حەج و جێگە نیازی ساڵانەی مەسیحییەکان و شوێنی پەسەندکراو و دڵخوازی نزا و پاڕانەوەکانیانە (الإنطاكي:1990 ، 113، 291؛ custodia,2024 ; jerusalem-patriarchate, 2024).

لە ڕوانگە ئیسلامییەکەوە شاری قودس ڕووگەی شەوڕەوی و بڵندبوونەوەی پێغەمبەرە (د.خ) کە بە "ئیسرا و میعراج" بەناوبانگە، "خاکێکی پیرۆزە"، چونکە وێستگەی هەڵکشانی پێغەمبەر(د.خ) بووە بەرەو ئاسمان بەپێی دەقی قورئان؛ (سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ... الاسراء: الآية 1). هەروەها فەرموودەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن "مزگەوتی ئەقسا"ی قودس لە ڕووی مێژوییەوە دووەمینە لەسەر زەوی و تەنیا 40 ساڵ لە پاش "مزگەوتی حەرام" لە مەککە بنیاتنراوە (مسلم، 1916، 2/ 63)، سەرباری ئەمەش مزگەوتەکە یەکەمین ڕووگەی ئیسلام بووە بۆ نوێژکردن (القبلة)، نزیکەی 17 مانگ پاش کۆچی موسوڵمانەکانیش بۆ شاری مەدینە هەر ئەم مزگەوتەی قودس ڕووگەی نوێژی ئیسلام بووە (الواسطي، 2010، 67). بەپێی ئەو گێڕانەوانەی تر کە لە دەقی فەرموودەکاندا هاتوون، شاری قودس و لەگەڵ ئەویشدا خاکی فەلەستین "سەرزەمینی پەسڵان و لێپرسینەوەی کۆتایی ڕۆژی دواییە" (ابن عساكر، 1995، 1/ 174)، هەروەها هەر بەپێی فەرموودەکان پاداشتی هەر نوێژێك لە "مزگەوتی ئەقسا"؛ هەزار هێندەی نوێژی جێگایەکی تری ئاسایی زیاترە (ابن ماجة، 2009، 2/ 413)، بە یەکێك لەو مزگەوتانەش دیاریکراوە کە ڕەوایە موسوڵمان ڕێگەی بۆ بگرنەبەر و توێشوو هەڵگرن بەنیازی سەردانکردنی، ئەم تایبەتمەندییەش تەنیا بە مزگەوتەکانی مەککە و مەدینە بەخشراوە، بەپێی فەرموودەش؛ هیچ مزگەوت و پێگەیەکی تری ئایینی تایبەتمەندیی وایان نییە (البخاري، 1993، 1/ 398) .

### 2ــ بارگۆڕانەکانی شوناسی قودس بەر لە سەرهەڵدانی ئەیوبییەکان

مێژووی گەیشتنی لەشکری ئیسلامی بۆ قودس دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "عومەری کوڕی خەتاب" (13-23ك/634-644ز) کە دووەم خەلیفەی ڕاشیدینە (الطبري، 1967، 3/ 607). ناوبراو، لە ساڵی 15ك/636ز لەسەر داوای خەڵکی شارەکە لە مەدینەوە چووە بۆ قودس، تا بەخۆی ڕێککەوتنی ئاشتی و دڵنیاکردنەوەی مەسیحییەکان مۆر بکات کە ئەوکات قەشە"صفرونيوس" یان کردبوو بە نوێنەری خۆیان (لوبون، 2012، 143)، ڕێککەوتنەکەش بە "پەیماننامەی عومەری ــ العهدة العمرية" دەناسرێت (الواسطي،2010، 101) . بەم جۆرەش شارەکە چووە چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە و ماوەی پێنج سەدەش وەها مایەوە تا ئەوکاتەی یەکەمین هەڵمەتی خاچییە ئەوروپییەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵات و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بۆ گێڕانەوەی خاکی فەلەستین دەستیپێکرد (488 493ك/ 1095-1102ز). لەم هەڵمەتەدا سەرەتا شاری "الإنطاكية"ی ڕۆخی دەریای ناوەڕاست بەدەستی خاچییەکان کەوت، ئەمەش تورکەکانی حوکمڕانی ناوچەکەی شپرزەکرد، لای خۆشییانەوە فاتمییە شیعەکانی میسر ئەمەیان قۆستەوە و سوپاکەیان بە سەرکردایەتی "ئەفزەلی بەدرەدین جەمالی" پاش 40 ڕۆژ لە گەمارۆدان؛ شاری قودسیان لە دەستی "دەوڵەتی تُتش"ی تورکی دەرهێنا (492ك/1099ز) (ابن الاثير، 1997، 424/8). فاتمییەکان قودسیان سپارد بە کەسێك بەناوی "افتخار الدولة" و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان (میسر)، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم و هەر لەو ساڵەدا (492ك/ 1099ز)، خاچییە ئەوروپییەکان گەمارۆیاندا و دواتریش بە شەڕ و پێکدادان کۆنترۆڵیانکرد، بەمەش قودس لە دەستی خەڵکی موسوڵمان چووە دەرەوە و بوو بە شارێکی مەسیحی (الذهبي، 2003، 10/ 669). ئەم خاچییە هێرشبەرانەش لەهەموولایەکی ئەوروپاوە هاتبوون بۆ "ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز" و داوای "میراتی مەسیح"یان دەکرد (الصوري، 1998، 60ـ63)، پاش نیشتەجێبوونیشیان لە فەلەسین و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بە"فەرەنجە" ناسران (ابن الأثير، 1997، 10/ 210؛ ابن واصل، 1957، 41/2). هەڵمەتەکەشیان بوو بەهۆی ئەوەی، چارەنووس و شوناسی قودس گۆڕانکاری بەسەردابێت و بگەڕێتەوە بۆ ژێر هەژموونی مەسیحییەکان، ئەمەش قەیران و کێشەیەکی گەورەی بۆ جیهانی ئیسلامی دروستکرد کە وەك شاری قیبلەی یەکەم و سێیەم حەرەمی پیرۆز تەماشایان دەکرد. لە خۆشی ئەم دەستکەوتەشدا مەسیحییەکان بڕیاریاندا ڕۆژی گێڕانەوەی قودس بۆ ژێر هەژموونی خاچ بە ڕۆژێکی تایبەت و جیاواز لە ڕۆژانی ئاسایی بدەنە قەڵەم و بیکەنە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ناوی مەسیحی و باوەڕیان وابوو ئەو ڕۆژەیە کە لە کتێبی پیرۆزدا مژدەیان پێدراوە (الصوري، 1992، 136/2) .

### 3ــ قودس لە ژێر هەژموونی خاچییە ئەوروپییەکان

بەپێی گێڕانەوەکان لە گرتنی قودسدا لەلایەن خاچییەکانەوە (492ك/ 1099ز)، بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ شارەکە بووەتە گۆڕەپانی کوشتار و خوێنڕشتن، هەواڵە مێژوییەکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان باس لەوە دەکەن لەشکرە خاچییەکە بە پلەی یەکەم موسوڵمانەکان و پاشان جووەکانی کردووەتە ئامانج، لەم میانەیەشدا باس لە کوژرانی 70 هەزار کەس دەکرێت، بەشی زۆریشیان ئەوانەبوون کە وڵات و زێدی خۆیان بەجێهێشتبوو لەپێناو ژیانکردن لە "قودسی پیرۆز"، (ابن الاثير، 1997، 425/8)، لە هەندێك سەرچاوەی تریشدا بە هەزاران کەس خەملێنراوە کە "10 هەزاریان لەوانەبوون کە لە مزگەوتدا خۆیان پەنادا بوو، هاوشێوەی ئەوەش لە کۆڵانەکەکانی دەرەوەی مزگەوتدا بوون" هێندەش ژمارەیان زۆر بووە شارەکە " بە خوێنی کوژراوەکان سوور بووە" (الصوري، 1992، 127/2). کاتێکیش هەواڵدەرەکان لە شامەوە هەواڵی لەدەستچوونی قودس و کوشتاری شارەکە و تاڵانکارییەکەیان گەیاندووەتە بەغدای پایتەختی عەباسی، "لە هەموو لایەکەوە بووەتە گریان و شیوەن"، تا ئاستی ئەوەی خەڵك لەبەر ناڕەحەتی "نەیانتوانیوە ڕۆژووەکەیان تەواو بکەن" لە کاتێکدا لە مانگی

ڕەمەزاندا بوون" (ابن الأثیر، 199، 8/ 425). بەرامبەر بە ماتەم و شیوەنی موسوڵمانەکان، پیاوانی ئاینی مەسیحی بەدەم نزاخوێندنەوە ڕوویان لە کڵێسای "القیامة" کردووە لە قودس، لەوێ ئاهەنگ و خۆشی و شادییان گێڕاوە، بەتایبەت پاش ئەوەی پارچەیەك لە "خاچە ڕاستەقینەکە"ی مەسیحییان دەرخست کە بە قسەی خاوەنەکانی بەنهێنی حەشاریاندابوو، ئەمەشیان بردە نێو کڵێسای "القیامة" بۆ گەرمکردنی ئاهەنگەکە (الشارتري، 76 77) .

لەشکرە خاچییەکان لە قودسدا جێگەپێی خۆیان قایمکرد، شارەکەیان کردە شانشینییەکی لاتینی و دۆقێکیان کردە فەرمانڕەوای شارەکە و دەوروبەری بەناوی "گودفری_Godfirey" ئەویش هەر بەقودسەوە نەوەستا و لە شاری "عەسقەلان" یش تاڵاوی شکستی دەرخواردی فاتمییەکان دا، بەمەش قودسی لە مەترسی و ئەگەری کۆنترۆڵکردنەوە لەلایەن فاتمییەکانەوە دەربازکرد، دواتریش سنوری ئەم میرنشینە لاتینییە کەوتە ژێر فرمانڕەوایی "بلدوین"، بەجۆرێکیش فراوان بوو کە لەعەقەبەی ئوردنەوە تا شاری بەیروتی گرتەوە (عثامنة، 2004، 24 25؛ الشارتري، 77) ئەم پانتاییە بەرفراوانەش بووەتە شورەیەکی گرنگ بۆ دابینکردنی ئاسایشی قودس بۆ خاچییەکان .

ئەم نسکۆ و شکستەش "ڕزگارکردنی قودس" لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بوو بە ئەرك و دروشم و ئامانجێکی لەپێشینە لە نێو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، لەو سەروبەندەشدا، خەلیفەی عەباسی (المستظهر بالله) (م. 512ك/ 1118ز) شەرعزانەکانی ڕاسپاردوە "بچن لە ناوچە جیاوازەکان هانی پادشاو دەسەڵاتدارەکان بدەن بچن بۆ جیهاد" بەمەبەستی گێڕانەوەی قودس، بەڵام هەوڵەکان لم بوارەدا "هیچ کەڵکی نەبوو" (ابن کثیر، 1997، 16/ 196)، تا ئەوکاتەی سەلاحەدینی ئەیوبی سەرکردایەتی بەرەیەکی ئیسلامی کرد و بوو بە خاوەن دەستکەوتنی گێڕانەوەی شارەکە لە دەستی خاچییەکان.

### 4_ گێڕانەوەی قودس بەسەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی

چیرۆکی هەڵکشانی "سەلاحەدینی ئەیوبی" لە پایەی حوکمڕانی میسردا کە دواتر شام و حیجاز و یەمەنیشی چووە سەر بە شێوازی پلەبەندی بووە. ناوبراو کە لە بنەماڵەیەکی کوردی ڕەوادییە (ابن شداد،1994، 31؛ ابن واصل، 1957، 3) لە تەمەنی 32 ساڵیدا و لە پاش مردنی "ئەسەدەدین شێرکۆ"ی مامی، پۆستی وەزارەتی دەوڵەتی فاتمی لە میسر وەرگرت (564 ك/1169 ز)، لە پاش مردنی خەلیفەی فاتمی "العاضد لدین الله" ش دەستی بەسەر کۆشك و میراتەکەیدا گرت و بوو بە سوڵتانی میسر (567ك/ 1172ز) (المقدسي، 1997، 2/ 46، 191)، بەمەش بەردی بناغەی دەوڵەتی ئەیوبی دانا. پاش قایمکردنی پێگەی دەوڵەتەکەی؛ گەورەترین هەنگاوی "سوڵتان سەلاحەدین" لەشکرکێشی بەرەو قودس بوو بەمەبەستی گێڕانەوەی لە دەستی خاچییەکان، بەوپێیەی ئەمە ئامانجێکی ئیسلامی گەورە و گشتگیری جێگە کۆدەنگی بوو، لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکانی ئەم هەنگاوانەشدا لە ساڵی 583 ك/1187ز، لەگەڵ لەشکرەکەی سوپای خاچییەکانی لە جەنگی "حطین"دا تێکشکاند (عمادالدین الأصفهاني، 2002، 429)، ئەمەش ڕێگای بۆ گرتنی قودس خۆشکرد و بەدیهێنانی ئامانجەکەی ئاسانکرد. لەم جەنگەدا "سەلاحەدینی ئەیوبی" بە پلەی یەکەم پشتی بە سەربازانی میسر، شام، جزیرە، دیاربەکر و موسڵ بەست، لە جەنگەکەشدا جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خاچییەکان و فەرماندەکانیان، دەوروبەری 20 هەزار کەسیشیان بەدیل گیران، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی شارەکانی تری کەناری دەریا (قیساریە، حەیفا، یافا، سەیدا، بەیروت...هتد) یەك لە دوای یەك بکەونە دەست لەشکرە هێرشبەرەکەی دەوڵەتی ئەیوبی (عماد الدين الأصفهاني، 2002، 429).

هەر لەم ساڵەشدا (583 ك/ 1187ز) لەشکرەکەی "سوڵتان سەلاحەدین" چووە نێو شاری قودس و بەسەر 60 هەزار سەربازی خاچدروشمدا سەرکەوت، پاش سەرکەوتنیش ئاڵا ئیسلامییەکانی لەسەر شوورەکانی قودس هەڵکرد و خاچدروشمەکانی ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان کردەوە لە ئەوروپا (ابن واصل، 1957، 2/ 215). ئەم ڕووداوەش یەکێکە لە پێشهاتە گرنگەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای قۆناغێکی نوێ و دەستکەوتێکی گرنگ و بازدانێکی گەورەی دەوڵەتی ئەیوبی بوو. بەهۆی هێنانە خوارەوەی خاچی ئاڵتونیشەوە لە قودس، شیوەن و گریانی مەسیحییەکانی شارەکە "لەهەموو لایەکەوە بیستراوەو تا ئاسمان بەرز بووەتەوە" (ابن الأثیر، 1997، 37/10). لە بەرامبەریشدا زانایانی ئاینی لە شام و میسرەوە ڕوویان کردووەتە قودس و "لەشاری ڕزگارکراو"دا نزاکردن و وتنەوەی دروشمە ئیسلامییەکان ئاسمانی پڕکرد (ابن شداد، 1994، 135).

بە گێڕانەوەی قودس لەسەردەستی "سەلاحەدینی ئەیوبی"، ململانێی ئیسلامی _ خاچی گەڕایەوە بۆ بارودۆخی پێش هەڵمەتی یەکەم، خاچییەکان هەرچییان هەبوو لە شاری قودس لە دەستیاندا و لە شارەکە چوونە دەرەوە. ئەم دەستکەوتەش هێندە گەورە بووە لە دەمی خۆیدا "ابن الأثیر" کە بەوە ناسراوە نەیار و ناکۆکە لەگەڵ "سەلاحەدینی ئەیوبی" دەڵێت (1997، 10/ 38) "لەپاش عومەری کوڕی خەتاب کەسی تر کاری وا مەزنی نەکردووە، ئەم شەرەف و شانازییەشی بەسە".

## تەوەری دووەم
## ڕادەستکردنەوەکانی قودس بە خاچییەکان لە سەردەمی ئەیوبی

### 1_ قودس لەپاش کۆچی دوایی سوڵتان سەلاحەدین

بە گوێرەی سیستمی حوکمڕانی پشتاوپشت کە شێوازی باو بووە لە جیهانی ئیسلامی، "سەلاحەدینی ئەیوبی" بەر لە مردنی (589ك/1193ز)، دەوڵەتەکەی لە نێو کوڕەکانی خۆی و بنەماڵەکەیدا دابەشکرد (ابن شداد، د.ت،71) یەکێك لەوانەش "العادل أبوبکر"ی برای و یاریدەدەر وکەسی نزیکی بوو کە بە "مەلیك عادل" ناسراوە. لە دابەشکارییەکەدا جزیرە بەر "مەلیك عادل" کەوت (م.615ك/1218ز)، لە نێو کوڕەکانیشیدا "ئەفزەل نورەدین" دیمەشق و کەنارەکانی دەریای لەبەری شامەوە بەرکەوت، "عەزیز عوسمان" میسری پێدرا بەڵام زۆر نەژیا و تەنیا سێ ساڵ حوکمڕانیبوو (592_ 595ك/1196_1198ز)، "زاهیر غازی" کرایە فرمانڕەوای حەلەب، وڵاتی یەمەنیش لەژێر فەرمانڕەوایی " طغتکین"ی برای سوڵتان سەلاحەدیندا مایەوە (العماد الأصفهاني، 2004، 65، 329؛ هوتسما و ئەوانی دی، 1998، 5/ 1997). ئەم دابەشکارییەی میراتی "سەلاحەدینی ئەیوبی" زۆر درێژەی نەکێشا و هەر زوو ناکۆکی و دابەشبوون لە ڕیزی بنەماڵەی ئەیوبیدا سەریهەڵدا، یەکێك لە تەوەرەکانی ئەو ناکۆکییەش لەسەر بەڕێوەبردنی شاری قودس بوو. لەم ناکۆکییەشدا "مەلیك ئەفزەل"ی پادشای دیمەشق لەلایەك و "مەلیك عەزیز"ی پادشای میسر لەلاکەی تر بوو، "مەلیك ئەفزەل" داوای کۆمەکی لە "مەلیك عادل"ی مامی و پادشاکانی تری ئەیوبی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی "مەلیك عەزیز"ی برای، سەرەنجامیش لەسەر ئەوە پێکهاتن کە قودس و خاکی فەلەستین بیێتە پشك و قەڵەمڕەویی "مەلیك عەزیز" (ابن الأثیر، 1997، 10/ 130_131)، بەم پێیەش قودس کەوتەوە سەر میسر. ناکۆکییەکەش لەسەر شاری قودس تا ڕادەیەك ئاساییە، چونکە مەکۆی ململانێی جیهانی ئیسلامی و خاچدروشمەکان بوو، هەروەها گرنگی و بایەخێکی ڕەمزیی گەورەی هەبووە و لە لاسەنگکردنی تەرازووی حوکمڕانی لەنێوخۆی بنەماڵەی ئەیوبی.

پاش پەرەسەندنی ململانێی نێوخۆیی ئەیوبییەکان، "مەلیك عادل" کۆنترۆڵی دەوڵەتی کرد، ئەویش لەسەر ڕێچکەی "سوڵتان سەلاحەدین" و نەریتی سیاسی باوی ئەوکات لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بەهەمان شێوە میراتە حوکمڕانییەکەی لەنێوان کوڕەکانیدا دابەشکرد کە بوونە پاشای جێگرەوەی باوکیان، لەم میانەیەشدا "مەلیك عادل" میسری بەخشییە "مەلیك کامیل" و 20 ساڵ فرمانڕەوایکرد (615-635ك/1218-1238ز)، شام بە "موعەزەم عیسا" (م.624ك/1227ز)، و میافارقین بە "ئەشرەف موسا" (م.635ك/1182ز)و جزیرەش بۆ "ئەوحەد أیوب" (ابن نظیف، 1981، 24_5؛ عبدالكریم، 2013، 232). سێ لە کوڕانی "مەلیك عادل"یش کە زۆرترین میراتی باوکیان بەرکەوت؛ کەوتنە ڕکابەریکردن و ناکۆکی قووڵ لەگەڵ یەکتر، بەتایبەت کە دووانیان باوەڕێکی وایان لا گەڵاڵەبوو کە مەلیك "موعەزەم"ی برایان پاوانخوازە و نیازی هەیە دەسەڵاتی خۆی زۆر فراوان بکات لەسەر حیسابی براکانی دیکەی (عاشور، د.ت، 239/2).

لە ناو ئەم ململا نێیەدا و سەردەمی میرانی ئەیوبی جێگرەوەی "سوڵتان سەلاحەدین" و "مەلیك عادل"ی برایدا وردە وردە گرنگیدان بەقودس کەمتر بوویەوە، لەم میانەیەشدا لە 610ك/1214ز "مەلیك موعەزەم" کە کوڕی "مەلیك عادل" بوو، زۆربەی دیوار و شوورەکانی قودسی ڕووخاند، چونکە ترسی هەبوو شارەکە بکەوێتە دەستە فەرەنجە خاچییەکان، ئەمە لە کاتێکدا دەڵێن شاری قودس "ئەوکات باشترین بیناسازی و لەبارترین دۆخی هەبووە و قەرەباڵغترین شار بووە". (ابن كثیر، 2003، 13/ 280). ئەم کاولکارییە لە قودس ڕەزامەندی میرانی تری ئەیوبی لەسەر بووە لەوانەش "مەلیك کامیل" و "مەلیك عەزیزی سەلاحەدین"، پاساویشیان بۆ ئەم کارە پارێزگارییکردن بووە لە شام و ناوچەکانی تری وڵاتی ئیسلامی و ڕێگەگرتن لەوەی قودس ببێتە قەڵایەکی قایمی خاچی، بەڵام لەسەر ئاستی جەماوەری بڕیارەکە هەرایەکی گەورەی لە شارەکەدا دروستکردووە، لەم میانەیەشدا دەگێڕنەوە کاتێك دەستکراوە بە ڕووخاندنی شورەکان "دنیا بوو بە ڕۆژی دوایی"، ژنان و کچان و پیر و گەنجی قودس بە شیوەن و گریان چوونەتە "مزگەوتی ئەقسا"، لەوێ یەخەی خۆیان دڕیوە و قژی خۆیان بڕیوە و وەك نارەزایی لە نێو مزگەوتیان دانا، دواتر هەریەك بەرەو جێگایەك هەڵهاتوون (میسر، کەرەك، دیمەشق)، لە ڕێگاشدا ژمارەیەکی زۆریان مردوون و ژمارەیەکی تری زۆر بریندار و سەرگەردان بوون (سبط ابن الجوزي، 2013، 22/ 236؛ الذهبي، 2003، 13/ 280) .

شەش ساڵ پاش ئەم کاولکارییە و کاتێك کە خاچییەکان هێرشیان هێنایە سەر میسر، پادشاکانی ئەیوبی "ئەشرەف" و "موعەزەم"ی کوڕانی "مەلیك عادل" چوون بۆ هاوکاریکردنی "مەلیك کامیل"ی برایان، بەڵام لە دانوستانەکاندا نێردراوەکانی "مەلیك کامیل" پێشنیاری ئەوەیان بۆ خاچییەکان کرد؛ شاری قودسیان ڕادەستبکەن لەگەڵ کۆمەڵێك شاری تری کەناری دەریا (عەسقەلان، تەبەریە، سەیدا، جەبەلە، لازقیە)، نەك هەر ئەوە بەڵکە پێشنیاریانکرد سەرجەم "فتوحاتی سەلاحەدین" بگێڕنەوە بۆیان، جگە لە شاری کەرەك (ئوردن)، بەڵام خاچییەکان بەوە ڕازی نەبوون، بەڵکو جگە لە سەرجەم شارەکان لەگەڵ "کەرەك"، داوای 300 هەزار دینار قەرەبووشیان کرد، بۆ نۆژەنکردنەوەی شورە و دیوارە ڕووخاوەکانی قودس (الذهبي، 2003، 13/ 282)، بەم هۆیەشەوە ئاشتەوایی و ڕێککەوتنەکە سەرینەگرت و هەڵمەتە خاچییەکان بەردەوامبوو .

لە دانوستانەکانی دواتردا، گێڕانەوەی ناوچەکانی کەناری دەریای ناوەڕاست بووە بە داواکاری خاچییەکان و کرانە ئامانج، هەر لەم میانەیەشدا فەرەنجەکان لە ساڵی 624ك/1227ز داوای گێڕانەوەی شارەکانی کەنار دەریا و دەستکەوتەکانی "سەلاحەدینی ئەیوبی"یان لە "مەلیك موعەزەم" کرد کە پادشای شام بوو، ناوبراویش لەو وەڵامدا وتبووی: جگە لە شمشێر هیچی ترم نییە (ابن كثیر، 1997، 17/ 159)، بەڵام براکەی "مەلیك کامیل" قایلبوو بەوەی شاری قودس ڕادەستی "فردریکی دووەم"ی ئیمپراتۆری ڕۆم بکات، لە کاتێکدا "مەلیك کامیل" جگە لەوەی برازای "سەلاحەدینی ئەیوبی" یە، مێردی "مؤنسة" خاتوونی کچە تاقانەکەشی بووە (ابن واصل، 1957، 2/ 426)، ئەم پێشنیارەشی بۆ گێڕانەوەی قودس بۆ خاچییەکان زیاتر بەفیڕۆدانی میراتی مامی بووە کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی بۆ وەرگرتنەوەی قودس لە خاچییەکان تەرخانکرد، تەنانەت "سوڵتان سەلاحەدین" کاتێك لە هەڵمەتی سێیەمی خاچییەکاندا کە بۆ گێڕانەوەی قودس سازکرا و دووچاری "نسکۆی سەربازی" بوویەوە، لە پێناو پارێزگاری لە قودس و هێشتنەوەی لای خۆی لە ڕێککەوتنی "الرملة" (588ك/ 1192ز) دا کەناری دەریای ناوەڕاستی لە "یافا" وە تا "صور" بەخشی بە خاچییەکان بەبێ ئەوەی قودس بخاتە دانوستان ( العماد الأصفهاني، 2004، 316؛ ابن الأثیر، 1997، 10/ 111_112؛ هوتسما و ئەوانی دی: 1998، 2/ 6652).

**2_ ڕادەستکردنەوەی قودس بە ئیمپراتۆری ڕۆم "فردریکی دووەم "**

لە میانەی هەڵمەتە خاچییەکان و لەشەشەم گەڕدا "فردریکی دووەم"ی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، هەڵمەتێکی ڕێکخست بەرەو کەناری دەریای ناوەڕاست (628ك/ 1228ز)، بەڵام مەسیحییە باوەڕدارەکان بەشدارییەکی ئەوتۆیان لەم هەڵمەتەدا نەکرد چونکە ناوبراویان بە "بێزراو" دەزانی (دیورانت، 1988، 15/ 56). ئەم ئیمپراتۆرە هاوسەرگیری لەگەڵ "یولاندا" ی کچی پادشای کۆچکردووی عەککا (یوحەننا برین) کرد، ئەمەش کردبووی بە پادشای قودس و بەرپرس لە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات (قاسم، د.ت، 15)، جگە لەمەش جیاوازییەکی هەبوو لەوانەی پێشخۆی، بەو پێیەی خاوەن ئەزموونی سیاسی و پاشخانێکی ڕۆشنبیری بوو، لەگەڵ گەیشتنیشیدا بە ڕۆژهەڵات و بە کەناری دەریای ناوەڕاست کەوتە دانوستان لەگەڵ "مەلیك کامیل"ی فرمانڕەوای میسر بۆ ئەوەی لەبری شەڕکردن، بەپێی ڕێککەوتن بۆ ماوەی 10 ساڵ شاری قودس و کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستی ڕادەستبکات و دیارترین ئەوانەشی نێوانگری دانوستانەکەبوون لە لایەن "مەلیك کامیل" ـەوە دادوەری سەربازەکانی میسر "فخر الدین شیخ الشیوخ" و "صلاح الأربلي" بوون (ابن نظیف، 1981، 176) . "فردریکی دووەم" پێویستی زۆری بە چوونە ناو قوس یان هەر چەشنە سەرکەوتنێك هەبوو تا هێزی پێ ببەخشێت بەرامبەر کڵێسای کاسۆلیکی، چونکە لە هەڵمەتی پێنجەمی خاچییدا (615-618ك/1218_1221ز) و بە تۆمەتی ئەوەی خۆی کردووە بە نەخۆش و هەروەها بەهۆی کێشەگەلی دیکەوە لەگەڵ کڵێسە، لەلایەن "پاپا گریگۆری نۆیەم" ـەوە بە مەرسومێکی بێبەشکردن (الحرمان) بەنەفرەت کرابوو (عاشور: 235 237). ئەم ئیمپراتۆرەی ڕۆم کەسێکیش بووە هۆگری زانستی لۆژیکبوو، هێندەش پابەندییە ئاینییەکەی کاڵ بووە، تا ئاستی ئەوەی گوتراوە لە ناخدا موسوڵمان بووە، هەندێکیش پێیانوایە هەر باوەڕدار نەبووە و "گاڵتەی بە مەسیحییەت هاتووە" (ابن الدواداري، 7/ 294). فردریکی دووەم، بە زمانی عەرەبییەوە شەش زمانی زیندووی ئەوکاتی زانیوە، شارەزایی لە کلتور و فەلسەفە و داب و نەریتی ناوچەکەدا هەبووە (بیشوب، 2004، 77)، لە کاتی پەیوەندیکردنیشدا بە "مەلیك کامیل"ـەوە، میرە ئەیوبییەکە و دەست و پێوەندەکەی سەرسامبوون بە موجامەلەو تواناکانی، هەر ئەمەش وایکردووە سەرەنجامی دانوستانەکە بە ڕێککەوتنێك کۆتاییبێت کە قودسی ڕادەستبکات و ڕێککەوتنەکەش بە "یافا" بەناوبانگە (دیورانت، 1988، 15/ 56)، بەم پێیەش ئەم ئیمپراتۆرەی ڕۆم توانی ببێتە خاوەنی دەسکەوتێك کە بۆ 100 ساڵ هیچ

پاشا و دەسەڵاتدارێکی مەسیحی نەیتوانیبوو پێی بگات، ئەویش چوونە ناو قودس و گەیشتنبوو بە کڵێسای "القیامة" کە مێژووی دوا وێستگەی ژیانی مەسیح لە خۆدەگرێت.

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان بەشێك لە هاندەری "مەلیك کامیل" لەم ڕادەستکردنەی قودس، کێشەو ململانێکانی بوو لەگەڵ "مەلیك موعەزەم"ی برای، کاتێکیش بەر لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، براکەی مرد (624ك/1227 ز)؛ هەوڵیدا خۆی بدزێتەوە بەو پێیەی مەترسی لەسەر نەماوە، بەڵام "فردریکی دووەم" سووربوو لەسەر جێبەجێکردنی وەکخۆی (ابن واصل، 1957، 4/ 241)، لە بەرامبەریشدا پاڵنەری "فردریکی دووەم" لەسەر پێداگری لەسەر وەرگرتنەوەی قودس، دەربازبوون بوو لەو قەیرانانەی کە تێیدا دەژیا، هەر بەم هۆیەشەوە دەیویست هەرچۆنبووە پێگەی خۆی بەهێز بکات لە هاوکێشەی ئەوروپا و ئیمپراتۆریەتدا (عاشور،د.ت، 241/2). تەنانەت دەگێڕنەوە کە فردریك وتوویەتی "ئەگەر لە ترسی بەدناویم نەبوایە لای فەرەنجەکان، ئەوەم نەدەخستە سەرشانی سوڵتان کامیل، من هیچ مەبەستێکم بەقودس نییە جگە لە پاراستنی شکۆی خۆم لەبەردەم جەماوەرەکەم (ابن واصل،1957، 4/ 243)، بەم پێیەش گێڕانەوەی قودس بۆ خاچپییەکان کە "هیوایەکی هەمیشەیی" مەسیحییەکان بوو بە دیبلۆماسییەت و سیاسەت بەدیهات و بە شەڕ و هێرش نەبوو (کارترایت، 2018).

### أ_ ڕێککەوتنی ڕادەستکردنی شاری قودس (یافا) :

بەپێی ڕێککەوتنی "مەلیك کامیل"ی ئەیوبی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم "فردریکی دووەم" (21 ربیع الأول 626ك/ 18 شوباتی 1229 ز)، هەردوولا لەسەر چەند خاڵێك بنەڕەتیی ڕێککەوتن کە بریتین لە:

- شارەکانی "عەککا، یافا، صیدا، الناصرة، بیت لحم" بۆ خاچپییەکان بێت .
- سەرجەم شاری قودس جگە لە دەوروبەری مزگەوتی "قبة الصخرة" بدرێتە دەست خاچپییەکان .
- ڕێگە درا بەحاجیانی مەسیحی بێنە ناو مزگەوتی "قبة الصخرة" کە لای موسوڵمانەکان پیرۆزە، هەروەها ڕێگەیاندرا لای "هەیکەلی سلێمان" نوێژ بکەن، لەبەرامبەردا مافی هاوشێوەش درا بە موسوڵمانەکان لە شاری "بیت لحم" .
- ئازادکردنی سەرجەم دیلەکانی هەردوولا .
- هێشتنەوەی دۆخی شاری قودس وەکخۆی و نۆژەننەکردنەوەی شورا رووخێنراوەکانی .
- مانەوەی مزگەوتەکانی "قبة الصخرة" و "الأقصى" بەدەستی موسوڵمانەکان .
- ڕادەستکردنی گوندەکانی نێوان عەککا و یافا بە خاچپییەکان و هێشتنەوەی گوندەکانی قودس لای موسوڵمانەکان .
- پاراستنی ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی 10 ساڵ و 10 مانگ، بە کردەییش ڕێککەوتنەکە لە ئازاری 627 ك/ 1229 ز، چووە بواری جێبەجێکردن.
- ئیمراتۆر فریدریکی دووەم پەیمانی بە مەلیك کامیل داکە یارمەتی بدات لەدژی دوژمنەکانی تەنانەت ئەگەر گاورو مەسیحیەکانیش بن (ابن واصل، 1957، 4/ 241؛ المقریزي، 1997، 354/1 355؛ دیورانت، 2002، 15/ 56؛ Lane poole,1901,p.227).

### ب پاڵنەرەکانی "مەلیك کامیل" بۆ ڕادەستکردنی قودس

هەنگاوەکەی "مەلیك کامیل" بۆ ڕادەستکردنەوەی قودس هەروا بە سانایی تێپەڕنەبوو، بەپێی گێڕانەوەکان ئەم پێشهاتە جیهانی ئیسلامی ئەوکاتی هەژاند، بە پەڵەیەکی ڕەشیش لەمێژووی موسوڵمانەکان لە قەڵەمدرا ( کرد علي،1983، 88/2)، "مەلیك کامیل" خۆی دانی بەوەدا ناوە، مامی بە گێڕانەوەی قودس سەروەرییەکی گەورەی بۆ بنەماڵەکەیان تۆمارکردووە و ناوی بەرزکردوونەتەوە لە ناوچەکە، بە ڕادەستکردنیشی توشی بەدناوی بوون (ابن الأثیر، 1997، 432/10)، لەبارەی پاڵنەرەکانیشییەوە بۆ ئەم کارە لێکدانەوە و ئاماژەنما زۆرن، دەشێت لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە:

* ململانێی نێوخۆیی ئەیوبی و ترس و نیگەرانی زۆری "مەلیك کامیل" لەئەگەری هەڵگەڕانەوەی میرە ئەیوبییەکانی دەوروبەری لەبەرژەوەندیی "مەلیك موعەزەم"ی برای، بەتایبەت کە ناوبراو لەگەڵ خوارزمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هاوپەیمانی گرێدابوو لە دژی بەتایبەت کە خوارزمییەکان هێزێکی تازە دەرکەوتووی ناوچەکە و دڕ بوون، ئەم ناکۆکییەی دوو کوڕەکەی "مەلیك عادل" بە زەقی لە 623ك/1226ز دا دەرکەوت (المقریزي، 1997، 1/ 339، 345). ترسی "مەلیك کامیل" لە "مەلیك موعەزەم" گەیشتووەتە ئاستی توشبوون بە ترس و دڵەراوکێ بەتایبەت پاش ئەوەی براکەی هەڕەشەیەکی ناواخنی بۆ ناردبوو کە ئەگەر بیەوێت هەر بە سەربازەکانی خۆی بەسەریدا زاڵ دەبێت کە ئاماژەی کۆدەتای تێدایە، ئەمەش وای لێکردووە ئۆقرە نەگرێت و هەمیشە بەگومان بێت لێی تا مردنی (624ك/1227 ز) (المقریزي، 344/1)، بەڵام کاتێك "مەلیك موعەزەم" مرد، مەلیك "کامیل" هەموو گفتێکی دابوو بە "فردریك"ی ئیمپراتۆری ڕۆما کە قودسی ڕادەستبکات. بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان، مەلیك "ئەشرەف" زۆر هەنگاوەکەی "مەلیك کامیل" ی برای لا قورسبووە و لۆمەی کردووە کە چۆن قودس دەدات بە خاچپییەکان ؟! بەڵام ئەو لەوەڵامدا وتوویەتی: کەس ناچاری نەکردم ئەوە بکەم، "موعەزەم" نەبێت، ئەو لە ئوردنەوە تا دەریای داوە بە ئیمپراتۆر، لە دەروازەی قودسەوە تا یافا، منیش ناچاربووم قودسی پێبدەم (ابن الدواداري، 1972، 7/ 293)، بەپێی ئەم دەقەش بێت بڕیارەکە بەرەنجامی کێبەرکێ و ناکۆکی بووە، بەڵام سەرچاوەی تر هەن باس لەوە دەکەن "مەلیك موعەزەم"ی فرمانڕەوای شام ڕازی نەبووە هیچ خاکێك بداتە فەرەنجە و وتوویەتی: جگە لە شمشێر هیچی ترم نییە (ابن کثیر، 1997، 17/ 159)، دەشێت ئەمەشی بۆ نیگەرانکردنی براکەی یان لە هەلومەرجی تردا وتبێت .
* بێباکی کوڕانی "مەلیك عادل" بەتایبەت "مەلیك کامیل" لەئاست شاری قودس بەراورد بە پەرۆشی "سوڵتان سەلاحەدین"ی مامیان بۆ شارەکە، بە بەڵگەی ئەوەی میرانی ئەیوبی نەوەی "مەلیك عادل"، لە ئەنجامی بێهیوابوون لەسەرکەوتن و کاتێك کەوتنە ژێر گەمارۆی خاچپییەکان؛ شاری قودسیان وێران و خاپوورکردووە بە پاساوی ئەوەی نەبادا ببێتە مۆڵگە و پەناگەی خاچپییەکان (ابن کثیر، 2003، 13/ 280)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئامادەکاریی پێشوەختەبووە بۆ ئەگەری لەدەستدانی. هەروەها دواتریش "مەلیك کامیل" ئامادەبوو بیبەخشێت بە خاچپییەکان، بەرامبەر بە کۆمەڵێك دەستکەوت یەکێك لەوانەس دەستهەڵگرتنبوو لە گەمارۆدانی شاری "دمیاط"ی میسر لە کەناری دەریای ناوەڕاست کە پێگەی سەرەکی حوکمڕانییەکەی بوو، بەڵام خاچپییەکان قبوڵیاننەکرد و داوای زیاتریان دەکرد (أبو الفداء، د.ت، 3/ 129)، هەروەها بازرگانە خاچپەرستەکان چاویان لەسەر شاری "دمیاط" بووە بەو پێیەی بەندەرێکی دەریایی تێدابوو (قاسم، د.ت، 125). بەهۆی ئەوەشی "مەلیك کامیل" قبوڵیکردووە شاری قودس بگۆڕێتەوە بە "دمیاط"، هەن ئەمە دەکەنە ئاماژە لەسەر بە بێبایەخ تەماشاکردنی قودس لە لایەن ناوبراوەوە (العثامنة، 2206، 129 132)، یان کەلێن و جیاوازی زۆری تێڕوانینی ئەم پادشا ئەیوبییە بۆ شاری قودس، بەراورد بە تێڕوانین و مام و خەزوری؛ "سوڵتان سەلاحەدین".
* هەندێك لێکدانەوەی تر هەن باس لەوە دەکەن ،"مەلیك کامیل" لە بنەڕەتەوە خاوەن

کەسایەتییەکی لاواز و ڕاڕا و ناجێگیر و خۆپارێز بووە (النهار، 2017، 308)، بەتایبەت هەندێك لەمێژوونوسان دەگێڕنەوە کە نەك هەر شاری قودس بەڵکو بەتەمابووە سەرجەم وڵاتی میسر بەجێبهێڵێت و بەرەو وڵاتی یەمەن بڕوات بۆ ئەوەی خۆی لەهەڵمەتی خاچییەکان رزگار بکات، بەڵام "مەلیك موعەزەم"ی برای پەشیمانی کردووەتەوە (ابن واصل،1957، 4/ 18). هەندێك ئاماژەی تریش هەن ئەم ڕاڕایی و لاوازییەی کەسایەتی "مەلیك کامیل" پشتڕاستدەکەنەوە لەوانەش؛ بەجێهێشتنی سوپاکەی بەتەنیا لە مەیدانی جەنگدا پاش ئەوەی هەواڵی پێگەیشت کە کوردانی هەکاری لە میسر دەیانەوێت کودەتای لێبکەن و "فائیز"ی برای بخەنە جێگای (ابن الأثیر، 1997، 1/ 306)، ئەمەش وایکرد سوپاکە توشی شپرزەیی ببن، هەروەها ڕێگای خۆشکرد بۆ فەرەنجە خاچییەکان بەبێ ترس بچنە ناو میسرەوە و دەست بەسەر سەربازگەکاندا بگرن، لە ئەنجامی تێکچوونی بارودۆخەکەش میسر هەمووی کەوتەژێر هەڕەشەی گەورە و تاڵان و برۆی ناوخۆ و کوشتاری زۆری لێکەوتەوە (ابن کثیر، 1997، 73/17). ئەم لێکدانەوەیە بۆ کەسایەتی "مەلیك کامیل" دژ و ناکۆکە لەگەڵ گێڕانەوەی تری مێژوویی کە باس لەوە دەکەن بە شێوەیەکی گشتی ناوبراو، دادگەر و بەخشندە و خاوەن شکۆ و شارەزا بووە لە کارگێڕیدا، ڕێزی زۆری شەرعزان و شاعیرانی گرتووە، دەستی زۆریشی لە ئاوەدانی و پرۆژەدا هەبووە، لە ماوەی حوکمڕانیشیدا (615 635ك/1218 1238)، زۆرترین ڕێژەی ئاسایش و ئۆقرەیی لە میسردا بەرقەرار بووە (ابن واصل،1957، 158 159؛ ابن کثیر، 1997، 17/ 236) .

* لێکدانەوەیەکی دی هەیە پاساو بۆ "مەلیك کامیل" دەهێنێتەوە کە پێیوابووە، ڕادەستکردنی قودس "تاکتیکی شەڕە"، وەهاشی لێکداوەتەوە لەپاش خاپورکردن شارەکە بداتە دەست فردریکی دووەم و ماوەیەك ئاگربەستیان لەگەڵدا مۆر بکات، دواتر هەرکات بەهێزبوویەوە لێیان وەرگرێتەوە (ابن واصل، 1957، 4/ 242)، بۆچوونیشی وابوە لە ڕێگای سەپاندنی کۆمەڵێك مەرجەوە؛ ڕێگری دەکات لە مانەوەی شارەکە بەدەست خاچییەکان (ابن أبي الدم، د.ت، 482 483)، لەم میانەیەشدا ئەوە لە "مەلیك کامیل" دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی «ئێمە ڕێگەیان پێنادەین بۆ هیچ، جگە لە کڵێساکانیان و کەلاوە وێرانەکان، حەرەمی قودس و بەردە پیرۆزەکە (قبة الصخرة) و مەزارەکانیتر بەدەستی موسوڵمانان دەبن و وەکخۆیان دەمێننەوە، دروشمە ئیسلامییەکان وەکخۆیان دەبن، والی موسوڵمانەکانیش لەکاری خۆی بەردەوام دەبێت لە دەوروبەری شاری قودس"(ابن واصل، 1957، 4/ 242)، بەم پێیەش بێت "مەلیك کامیل" پێیوابوە هەنگاوەکەی زیاتر چاوبەستکردن بووە بەبێ ئەوەی گۆڕانی گەورە لە شوناس و چارەنووسی شاری قودسدا درووستببێت، لەم میانەیەشدا مێژوونووسێکی هەواداری "مەلیك کامیل"، باس لەوە دەکات، سوڵتان ڕادەستکردنی قودسی بە بەرژەوەندی زانیوە بۆ خۆلادان لەشەڕ و خراپەی گەورەتر، هەروەها ئەوەی کردووە بە مەرج بەسەر خاچپەرستانەوە کە "دەستکاری هیچ نەکەن چ شورە و چ خانوو، زیادەڕۆیی نەکەن لە هەڵکەندنی خەندەقی شارەکە، نوێژی هەینی لە شارەکەدا بۆ موسوڵمانە نیشتەجێکانی ئەنجام بدرێت، ڕێگری نەکرێت لە زیارەتکارانی موسوڵمان و هەرکات ویستیان بە ئازادی بچنە نێو شاری قودس، هیچ پارەشیان لێ وەرنەگیرێت وەك پارەی چوونە ژوورە" (ابن أبي الدم، د.ت، 482 483) .

* دەشێت یەکێك لە هۆکارەکانی ڕەخساندنی زەمینەی ڕادەستکردنی قودس بە "فردریکی دووەم"، جیاوازی ناوبراوبێت لە ئیمپراتۆرەکانی پێش خۆی، بەو پێیەی پەروەردەی "صقلیة" بووە، شارەزایی باشی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا هەبووە، لە ئامادەیی "مەلیك کامیل" بۆ ڕێککەوتن شارەزابووە، ئەم خاڵەشی قۆستووەتەوە بۆ دانوستان و قایلکردنی (قاسم، د.ت، 15). ڕایەکیش هەیە پێیوایە "فردریك" بڕوای بەشەڕی موسوڵمانەکان نەبووە، ڕقیشی لە پیاوانی ئاینی و کڵێساکانی مەسیحی بووە، هەروەها هەندێکجار پاڕانەوەشی بەکارهێناوە لە "مەلیك کامیل" بۆ ئەوەی قودسی پێبدات تا کێشەکانی خۆی پێ چارەسەرکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕیاری "مەلیك کامیل" هەبووە دەربارەی ڕادەستکردنی قودس (عاشور، د.ت، 2/ 237 239، 249). ئەوەشی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکات ئەوەیە ئەوکاتەی کە "فردریك" لە ئەوروپا دەسەڵاتدار بووە، موسوڵمانەکانی بانگهێشتکردووە بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ و لەگەڵ قەشەکان کۆی کردوونەتەوە، ئەوەشی لێوە دەگێڕنەوە کە ڕەخنەی لە پێغەمبەران موسا و مەسیح و محەمەد (د.خ) گرتبێت و زۆرجار لەگەڵ فەیلەسوفاندا خوانی ڕێکخستبێت (بیشوب،2004، 76)، ئەمەش وا دەکات کاریگەری و لێکەوتەی ڕادەستکردنی قودس کەمتر بکاتەوە بەو پێیەی فردریك گوزارشتی تەواوەتی نەبووە لە خاچییەکان و فەرەنجە، جگە لەوەش دادوەر لە دەوڵەتی ئەیوبیدا "ابن أبي الدم" (م.642ك/1245ز) دەڵێت (د.ت، 482_483): ئەو خاچیانەی چوونەتە ناو قودس بەهێز و خاوەن دەسەڵات نەبوون و لە دۆخی لاوازیدا بوون. هەرچەندە ئەم قسەیە لە چوارچێوەی پاساوهێنانەوەدا کراوە، بەڵام تا ڕادەیەك ڕاستە چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئیمپراتوورە (فردریك) پاڵپشتی جەماوەریی نەبووە و لە کڵێسا بێزراوبووە و دەستکەوتەکەشی نەبووەتە جێگەی شانازی لە جیهانی مەسیحییەت و دواتر ئاماژە بەمە دەکرێت.

### ج_ کاردانەوە و لێکەوتەکانی ڕادەستکردنی قودس

بەپێی گێڕانەوە مێژوییەکان کاتێك کە هەواڵی ڕادەستکردنی شاری قودس بە خاچییەکان ڕاگەیەنراوە، شیوەن و گریان لەناو موسوڵمانەکانی شارەکە دەستیپێکردووە، خەڵکەکەشی سەرزەنشتی "مەلیك کامیل"یان کردووە، بەتایبەت کە "رزگارکردنی قودس گەورەترین دەستکەوتی سەلاحەدینی مامی بوو" (ابن واصل، 1953، 4/ 243 244). کاتێکیش "مەلیك کامیل" جارچی ناردووە بۆ ئەوەی بانگەواز بۆ چوونە دەرەوەی موسوڵمانەکان بکەن و شارەکە ڕادەستی فەرەنجە خاچییەکان بکەن، "گریان و هاوار بەرزبووەتەوە"، پێشنوێژ و بانگبێژەکان لە قودسەوە هاتوونەتە سەر خێوەتگای "مەلیك کامیل" لە کاتی پشووداندا، ئەویش ئەمەی لەلا قورس بووە و فەرمانیکردووە چرا و ئامێرەکانی دەستیان لێوەرگرن و سەرزەنشیان بکەن، پێشیان وتوون: بۆ هەرکوێ پێتانخۆشە بڕۆن. (المقريزي، 1997، 1/ 354).

هەر بەپێی گێڕانەوەکان کاردانەوەکان لە قودسەوە تەشەنەیکردووە بۆ ئاستی جیهانی ئیسلامی، لەم میانەیەشدا ناڕەزاییەکی گشتی لە دژی "مەلیك کامیل"ی ئەیوبی دروستبووە، خەڵك ئەم هەنگاوەشیان بە "کارەساتێکی ڕاستەقینە" لەقەڵەمداوە، هەر بەم هۆیەشەوە ناچار "مەلیك کامیل" نوێنەری خۆی ڕەوانەی زۆر شوێن کردووە تا ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر پاڵنەر و وردەکاریی بڕیارەکەی (المقريزي، 1997، 1/ 354)، کە هەواڵەکەش گەیشتووە بە وڵات و ناوچە ئیسلامییەکانی تر و زانیویانە قودس ڕادەستی فەرەنجەکان کراوەتەوە، "دنیا لەسەر پێ وەستان و ئەوەندە لەسەر موسوڵمانەکان قورسبوو کۆڕی ماتەمیان گێڕاوە"، (ابن الدواداري، 7/ 293)، ئەمەش کاردانەوەیەکی ڕێتێچووە چونکە بەقسەی "ابن الأثیر" کە هاوچەرخی ڕووداوەکەیە (1997، 435/10) لەدەستچوونی قودس "هێندە ئازار و هەستکردن بە سەرکزی دروستکرد؛ لە باسکردن و گێڕانەوە نەیەت". لە گەرمەی ئەو ناڕەزایەتییانەشدا کە دروستبوو، پادشای ئەیوبی "ناسر داود" (م. 656 ك/1258ز) کە برازای مەلیك کامیلە، لە دیمەشق ماتەمی گشتی ڕاگەیاند و لەسەر ڕاسپاردەی ئەو شەرعزانی ناسراو "سبط ابن الجوزي" (م.654ك/1256ز) کۆڕی وتارخوێندنەوەی لە پایتەختی شام

سازکرد و باسی گرنگی قودسی بۆ گوێگران کردووە، خەڵکێکی زۆریش ئامادەی ئەم کۆڕە بوون (أبي الفداء، د.ت، 3/ 142)، ئەمەش زیاتر لە قۆستنەوەی دۆخەکە و کەڵکوەرگرتن لە خاڵی لاوازی "مەلیك كامیل" دەچێت کە فەرمانڕەوای میسر بوو، چونکە هەر "ناسر داود" خۆی دواتر لە پلانێکدا بەشداری دەکات بۆ ڕادەستکردنەوەی قودس بە خاچییەکان و هەمان ئەم کارەی "مەلیك كامیل" ی مامی دووبارە دەکاتەوە و دواتر وردەکارییەکەی ئاماژەی پێدەکرێت .

ئەوەشی زیاتر موسوڵمانەکانی نیگەرانکردووە، "مەلیك كامیل" فەرمانی کردبوو تا ئەوکاتەی "فردریکی دووەم" لەناو قوسدا دەبێت، بانگ نەدەن، بەڵام ئیمپراتۆری ڕۆم ئەمەی قبوڵ نەکردووە و بە "شەمسەدین"ی دادوەری شاری نابلسی وتبوو کە نوێنەری پادشای ئەیوبی بوو بۆ جێبەجێکردنی ڕێككەوتنەکە: "چۆن دروشمی ئایینیی خۆتان لەبری من دەگۆڕن، ئایا دەکرێت ئێوە بێنە وڵاتی ئێمە، من لێدانی کەڕەنا راگرم؟" (ابن الدواداري، 1972، 294/7)، لەپاش دوو شەو مانەوەش لە قودس، فردریك شارەکەی بەجێهێشتووە (ابن نظيف، 1981، 181). گێڕانەوەکانیش ئەوە دەردەخەن ئەو ماوەیەی ئیمپراتۆری رۆم لە قودسدا بوو، کاتەکانی لە شارێکی چۆڵدا بەسەربردووە، چونکە لەلایەك موسوڵمانەکان بەجێیان هێشتبوو، لەلاکەیتر مەسیحییە ڕەسەنەکانی شارەکە خۆیان دەپاراست لە تێوەگلانی هاوکاریکردنی مەسیحییە ئەوروپییەکان و لە ئایندە دەترسان، تەنانەت کە "فردریك" چووەتە کڵێسای "القيامة" تەنها پاسەوانەکانی لێ بوون و کەس لە پێشوازیدا نەبووە (العسيلي، د.ت، 137)، کاتێکیش چووەتە "مزگەوتی ئەقسا" ڕێزی لە موسوڵمانەکانی گرتووە و ڕێگەی نەداوە پیاوانی ئاینی مەسیحی بە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکانەوە (ئینجیل) بچنە ناو مزگەوتەکە، باسی لەوەشکردووە ئەوان لەسەر مۆڵەتی "مەلیك كامیل" هاتوونەتە شارەکە و کڵێساو پێگەکانیان ڕادەستکراوە و ڕێگە بە قەشەکان نادرێت بێڕێزی بە موسوڵمانەکان بکەن (المقريزي، 1997، 1/ 354).

بەرامبەر ئەو بێهیوایی و ڕەخنانەی لە ناو مێژوونووسە موسوڵمانەکان هەن، بۆچوونێك هەیە ئەم دەستکەوتەی "فردریکی دووەم" و هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان لەسەر ئاستە مەسیحییەکەی بچووکدەکاتەوە، چونکە لەپاش ڕێگەپێدانی بۆ چوونە ناو شاری قودس، دەستبەرداری هەڵمەتەکەی بووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا (لوبون،2012، 343)، جگە لەوەش سەرکەوتنەکە خۆشحاڵییەکی ئەوتۆی لەجیهانی ڕاستەقینەی مەسیحییەتدا دروستنەکرد و "پاپا گریگۆری نۆیەم" ئەوەی بە مایەی شەرمەزاری جیهانی خاچی لەقەڵەمدا و ئامادە نەبوو تەنانەت ڕێككەوتنەکەش بخوێنێتەوە (دیورانت،1988، 15، 57)، چ جای ئەوەی ئاهەنگی بۆ ساز بکات یان بەگرنگی بزانێت لە کاروانی درێژی کێشمەکێش لەگەڵ موسوڵمانەکان. ئەم بە کەم تەماشاکردنەی وەرگرتنەوەی قودس لە لایەن مەسیحییەکانەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوان گێڕانەوەی قودسیان بەم شێوازەی "فردریکی دووەم" و بەپێی ڕێككەوتن بە سوکایەتی داوەتە قەڵەم، چونکە پێیانوابوو دەبوو بەشەڕ و کوشتار بگەڕێتەوە بۆ سایەی خاچ نەك پاڕانەوە و دانوستان، هەروها ناڕازیبوون لەو مافانەی لە ڕێككەوتنکەدا بە موسوڵمانەکانی قودرس درابوو، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك لەمیرە مەسیحییەکان ئیرەیی و گیانی کینەرکێ هاندەریان بوو بۆ بێبایەخکردنی ئەم دەستکەوتەی "فردریکی دووەم" (عاشور، د.ت، 2/ 251)، بەو واتایەی خۆشحاڵنەبوون ئەم دەستکەوتە ببێتە هی "فردريك".

**3ــ گێڕانەوەی قودس بۆ سایەی دەوڵەتی ئەیوبی**

پاش ڕادەستکردنەوەی قودس، دووبارەی گێڕانەوەی بۆ سایەی ئیسلامی بوو بەخەم و ئامانجێکی گشتی، لەو ماوەیەشدا "مەلیك كامیل"كە یەکەمجار لە سەردەمی ئەیوبیدا قودسی ڕادەستی "فردریکی دووەم" کردەوە لە ساڵی 635 ك/ 1239 دا مرد (ابن واصل، 1957، 5/ 154)، لە سەردەمی جێگرەوەکانیشیدا وادەی ڕێککەوتننامە 10 ساڵییەکەی رادەستکردنی قودس بە هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان ( یافا) بەرەو کۆتاییهاتن چوو (قاسم،د.ت، 128)، بەڵام گێڕانەوەی شارەکە بە ئاشتی و بۆ سایەی دەوڵەتی ئەیوبی بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە بەڕێوە نەچوو، بەڵکو بەهۆی هەڵمەتی پادشای ئەیوبی "ناسر داود" ی کوڕی "مەلیك موعەزەم" ی برای "مەلیك كامیل" ـەوە بوو (الذهبي، 2003، 14/ 807). ناوبراو کە پێشتر کۆڕی ماتەمینی بۆ لەدەستدانی قودس بە دەستی "مەلیك كامیل"ی مامی لە شام سازکردبوو (أبي الفداء، د.ت، 3/ 142) لە کۆتاییەکانی وادەی ڕێککەوتنی "یافا"دا، بەهۆی پێشێلکردنی بەندەکانی ڕێككەوتنەکە و نۆژەنکردنەوەی هەندێك بەشی شارەکە بەتایبەت "بورجی داود" هەڵمەتیکردە سەر شارەکە (637ك/1231ز)، ئەم پادشا ئەیوبییە لەشکری خۆی و هی " مەلیك ساڵح نەجمەدین ئەیوب"ی فرمانڕەوای میسری بردە سەر قودس و جارێکی تر گێڕایەوە بۆ ژێر حوکمڕانی بنەماڵەکەیان و باڵادەستی موسوڵمانەکان بە گشتی (ابن واصل،1957، 5/ 247)، لەسەر ئەم هەنگاو و سەرکەوتنەش لە هۆنراوەیەکی "جمال الدين بن مطروح" دا "ناسر داود" چوێنراوە بە "سەلاحەدینی ئەیوبی" مامی باوکی، چونکە هەردووکیان بوونەتە خاوەن سەروەری گێڕانەوەی قودس بۆ سایەی ئیسلام (المقدسي، 1997، 4/ 338)، بەتایبەت کە شارەکە چەقی ناکۆکی و ململانێ ئیسلامی و مەسیحییەکان بووە و بایەخێکی ئایینی و ڕەمزیی گەوەری هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم "ڕزگارکەرەی قودس" دواتر دەبێتە بەشێك لە پلانێك بۆ سەرلەنوێ ڕادەستکردنەوەی و ستایشەکان ڕاستناگەڕێن و زۆر درێژەیان نابێت.

**4ــ ڕادەستکردنەوەی دووەمی قودس بە خاچپەرستان لە سەردەمی ئەیوبیدا**

گێڕانەوەی قودس بۆ سایەی دەوڵەتی ئەیوبی، تا سەر نەبووە و پاش چوار ساڵ و لە 641ك/1235ز دا، جارێکی دی شارەکە لە ململانێی میر و پادشاکانی ئەیوبیدا ڕادەستی خاچییەکان کراوەتەوە، ئەمەش زیاتر قودسی کردە یەکێك لە کارتەکانی سازشکردن و ئاڵووێری سیاسی. ڕادەستکردنی دووەمیش دەرەنجامی هاوپەیمانێتی "مەلیك ساڵح ئیسماعیل"ی فرمانڕەوای دیمەشق و "مەلیك مەنسور" ی ئەیوبی فەرمانڕەوای "حمص" و "مەلیك ناسر داودی" ئەیوبی بووە لەگەڵ خاچییە فەرەنجەکان لە کاتێکدا "ناسر داود" پێشتر وەك پاڵەوانی گێڕانەوەی قودس ستایشکراوە، کاتێکیش بۆ یەکەمجار ڕادەستکرا کۆڕی ماتەمینی سازکردووە. ئەم بەرە ئەیوبییەی شام ڕێككەوتن لەگەڵ خاچییەکان لەسەر ڕادەستکردنی شاری قودس و "طبرية" و عەسقەلان، دژی "مەلیك ساڵح ئەیوب"ی فرمانڕەوای میسر، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو سێ میرە ئەیوبییەکەی شام هەواڵی ئەوەیانزانی "ساڵح ئەیوب" ی میسر لەگەڵ خوارزمییە (ئاوارەکان)ی ناوچەکە خەریکی ئامادەکارییە بۆ هێرشبردنە سەر ئامۆزاکانی (ابن واصل، 1957، 5/ 333) .

خوارزمییەکان لە پاش کوژرانی میرەکەیان "جەلالەدین مەنکبرتی بە دەستی مەغۆلەکان " (628ك/1231)، لە ئەزەربیجان هەڵکەنران و بەرەو عێراق و جزیرە و شام بڵاوبوونەوە بەتایبەت ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئەیوبییەکان و لە میسریش بوونە هێزێکی کاریگەر، پاش زنجیرەیەك پێکدادان و گرژییش "مەلیك ساڵح ئەیوب"،

کۆنترۆڵیکردن و بوو بە هاوپەیمانیان (ابن خلدون، 1981، 5/ 411)، بنەمای ئەم هاوپەیمانییەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرتەوازەیی و سەرگەردانی ئەم سوپا هەڵهاتووە و سەرباز و فەرماندەکانیشی بۆ وڵاتێك دەگەڕان تێیدا جێگیربن و "مەلیك ساڵح" ئەیوبیش بانگیکردن بۆ شەڕی ئامۆزاکانی لە جزیرە و شام بەتایبەت کە سروشتێکی زبریان هەبوو (هوتسماو ئەوانی دی، 1957، 1477/5) .

لەم ڕادەستکردنە نوێیەی قودسدا بەدەستی "ساڵح ئیسماعیل" و "ناسر داود"، کە دووەمجاربوو، جیاواز لە ڕادەستکردنەکەی "مەلیك کامیل" حەرەمی مزگەوتی قودس درا بە خاچپیەکان، ڕێگەی ئەوەشیان پێدرا کاری نۆژەنکردنەوە و بنیاتنان لە شارەکەدا بکەن، ئەوانیش لەگەڵ وەرگرتنەوەیدا قەڵاکانی عەسقەلان و "طبرية" یان نۆژەنکردەوە (ابن واصل، 1957، 5/ 332)، ئەمەش هۆکاری مانەوەو بەرگری زیاتری پێدەدان. میرە ئەیوبییەکانی شام گفتی ئەوەشیاندابوو بە فەرەنجەکان کە ئەگەر لە میسریش دەستکەوتیان هەبوو لە قەڵەمڕەویی ئامۆزاکەیان، بەشیان بدەن، خاچپیەکانیش هەزار سەربازیان خستە خزمەت ئەم بەرە ئەیوبییە کە دژی "مەلیك ساڵح ئەیوب"ی فەرمانڕەوای میسر بجەنگن  (ابن واصل، 1957، 5/ 332). ئەم هاوپەیمانییەی نێوان میرانی ئەیوبی لە شام و خاچپیەکان لە دژی مەلیك "ساڵح ئەیوب"، جارێکی تر بوو بە مایەی توڕەکردنی زۆری جیهانی ئیسلامی (هوتسماو ئەوانی دی، 16/ 4934)، بەتایبەت کە ئەمە پەنابردن بووە بۆ دوژمنێکی ئایین جیاواز و تێوەگلاو لە شەڕ و کوشتاری موسوڵمانەکان لە جەنگی درێژخان لەسەر قودس و ناوچەکانی تری فەلەستین و کەناری دەریای ناوەڕاست.

بەپێی گێڕانەوەکان لەم گەڕانەوەی خاچپیەکان بۆ قودس بە ڕێککەوتن پیاوە ئایینییەکان چوونە سەر ئەو بەردەی موسوڵمانەکان بە پیرۆزی دەزانن (قبة الصخرة) و "بوتڵی خواردنەوەیان" لەسەر داناوە لەگەڵ "وێنەی خاچی مەسیح"، هەروەها زەنگی ئاگادارکردنەوەی کڵێساشیان هەڵواسی، جگە لەوەش بانگدانیان لە قودسدا ڕاگرت کە دروشمێکی ئیسلامی گەورەیە (ابن واصل، 1957، 5/ 333)، ئەم دۆخە نوێیەش وەکخۆی مایەوە تا  ئەوکاتەی "مەلیك ساڵح ئەیوب" بە هاوپەیمانێتی خوارزمییەکان لە قودس سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر فرەنجە خاچپیەکان تۆمارکرد (642ك/ 1244ز)، لەم میانەیەشدا خوارزمییەکان چوونەتە سەر شارەکە و بەپێی گێڕانەوەی "ابن واصل" ی هاوچەرخی ڕووداوەکان (1957، 5/ 337) سوپای هێرشبەری خوارزمییەکان لە قودسدا "شمشێریان لە هەموو مەسیحییەکان ڕاکێشا، ژنەکانیان بە دیلگرتن، چوونە ناو کڵێساکەیان، ئەو گۆڕستانەیان ڕووخاند کە مەسیحییەکان پێیانوایە گۆڕی مەسیحی تێدایە، گۆڕی  کەسایەتییە مەسیحییەکان و هی پادشاکانی فەرەنجەیان لەنێو کڵێسای قیامە هەڵدایەوە ، ئێسکوپروسکی مردووەکانیشیان سووتاند". ئەم هێرشەی خوارزمییەکان لە بەشەکانی تری خاکی فەلەستین درێژەیکێشا و باس لەوە دەکرێت لە یەك ڕۆژدا هەزاران کەسیان لە مەسیحییەکان کوشتبێت و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و فەرماندەیان لێ بەدیلگرتوون، لەشکرە سەرکەوتووەکەش تەنیا بە قودسەوە نەوەستان و تا دەروازەکانی دیمەشق چوون (ابن کثیر، 1997، 17/ 274). کاتێك هەواڵی ئەم سەرکەوتنانەش گەیشتوەتە قاهیرەی پایتەختی حوکمڕانییەکەی "مەلیك ساڵح ئەیوب"، لەخۆشی گێڕانەوەی قودسدا بۆ سایەی موسوڵمانەکان، پایتەختی میسر ڕازێنراوەتەوە "بەشێوەیەکی بێ پێشینە، چەند ڕۆژێکیش ئاهەنگ و خۆشی درێژەی کێشا" (ابن واصل، 1957، 339/5).

ئەم گێڕانەوەیەی قودس بە دەستی خوارزمییەکان بۆ "مەلیك ساڵح ئەیوب"، دوا بارگۆڕانی دۆخی شارەکەیە لە سەردەمی ئەیوبیدا کە تێکڕا 81 ساڵی خایاند، شەش ساڵ پاش ئەوەش بە کوژرانی دوا پادشای ئەیوبی "تۆرانشاه" ی کوڕی "ساڵح ئەیوب" لە 1648ك/ 1250ز کۆتایی بە فرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەیوبی لەمیسر هات، لەمە بەدواش سەردەمی دەوڵەتی مەمالیك دەستپێیکرد بە سەرۆکایەتی "عیزەدین ئەیبەکی تورکمانی"، شاری قودسیش بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی مەمالیك (ابن کثیر، 1997، 17/ 308)؛ (ابن خلدون، 1981، 5/ 417) .


## ئەنجام

سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی لەسەر ئاستە ئیسلامییەکەی خاوەن سەروەری گێڕانەوەی شاری قودسە بۆ سایەی هەژمووی موسوڵمانەکان بۆ جاری دووەم لە پاش دووەم خەلیفەی ڕاشیدین عومەری کوڕی خەتاب، هەر ئەمەش دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی کردە سەرکردەیەکی هەرە ناسراو لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و مەسیحی، بەڵام بەپێچەوانەوە لە سەردەمی برازا جێگرەوەکانیدا دەستهەڵگرتن لە قودس و بەکارهێنانی وەك کارت لە ململانێی نێوخۆییەکانی خۆیان و بۆ ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ خاچپیەکان، ڕەخنە و ناڕەزایی و بەدناوی زۆری هێناوەتەوە سەر پادشا جێنشینەکانی ئەم بنەماڵەیە.

لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبیدا و بە دیاریکراوی لەنێوان ( 583- 642 ك/ 1187 1244ز)، شوناسی قودس هەڵکشان و داکشانی جۆراوجۆری بەخۆیەوە دیوەو لەنێوان ئیسلامی بوون و خاچی بووندا لە بارگۆڕاندا بووە، ئەمەش ئاراستەیەکی باوی لەنێو سەرچاوەو توێژینەوە مێژوییەکان گەڵاڵەکردووە کە بڵێن: ئەوەی سەلاحەدین لە گێڕانەوەی بەدەستهێنا برازاو زاواکەی و سێ لە میرانی تری ئەیوبی لە دوو پێشهاتدا بە فیڕۆیاندا، بەڵام بە وردبوونەوە لە وردەکاری ڕووداوەکان دەردەکەوێت ئەو بارودۆخەی "سەلاحەدینی ئەیوبی" قودسی تێدا گێڕایەوە بۆ ژێر هەژموونی ئیسلامی جیاواز بووە لە بارودۆخی ڕادەستکردنەوەی بە خاچپیەکان. لە یەکەمیاندا حەماس و تەوژم و بەرەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی لە سایەی سوڵتانی بەهێز سەلاحەدینی ئەیوبییدا گێڕانەوەی قودسی کردووە بە ئامانجی خۆی، بەڵام لە سەردەمی ڕادەستکردنەوەکاندا داکشان و ململانێی نێوخۆیی و پێشهاتی نوێ باڵی بەسەر دەوڵەت و ناوچەکەدا کێشاوە و پارێزگاری لە پێگە و حوکمڕانی ئامانج بووە نەك ڕیسك و بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورەی وەك هی سەردەمی "سەلاحەدین".

هەروەها پێشهاتەکانی قودس لە پاش سەردەمی سوڵتان، ڕاستییەك دەردەخات کە یەکگرتویی و تەبایی و ئامانجی گەورە هەوێنی پارێزگاریکردنە لە هێز و دەستکەوتەکانی دەوڵەت، لە بەرامبەریشدا بە پێچەوانەوە پەرتەوازیی وناکۆکی و ململانێی سیاسی بە هۆکاری کەسی و نەبوونی هۆکاری گەورەو بەهێزن بۆ لاوازی  لەدەستدانی دەسکەوتە گرنگەکان، ئەمەش بەڕوونی بەسەر پادشاکانی ئەیوبیدا پیادەبوو لە پاش سوڵتان سەلاحەدین لەپرسی لەدەستدانی شاری قودس بە خاچپیەکان لە کاتێکدا ترۆپکی دەستکەوتی دەوڵەتەکەیانبوو لە سەر ئاستی هەموو جیهانی ئیسلامی.

## پاشکۆی نەخشەکان




دەوڵەتی ئەیوبی لە سەردەمی فراوانبوونیدا، ، الكاتب وآخرون، 2014، 124. Figure 1




قەڵا و قایکارییەکانی خاچپییەکان، الكاتب وآخرون، 2014، Figure 2.138

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بنەڕەتییەکان

ابن الأثير، أبي الحسن علي بن أبي الكرم بن محمد بن عبد الكريم (ت630ه/ 1233م) (1997). ***الكامل فى التاريخ***، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي: بيروت.

البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل، (ت)، (1993)، ***صحيح البخاري***، تحقيق، مصطفى ديب البغا، دار ابن كثير، دار اليمامة: دمشق.

ابن خلدون، عبد الرحمن (ت 808هـ/1406م)، (1981). ***العِبَر و ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر***، تحقيق، خليل شحادة، دار الفكر: بيروت.

ابن أبي الدم، شهاب الدين إبراهيم بن عبد الله (ت 642 ه/) (د.ت). ***تاريخ ابن أبي الدم الحموي (المختصر في تاريخ الإسلام)***، ترجمة، تحقيق: حسن محمد عبد الله النابودة، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن الدواداري، أبو بكر بن عبد الله بن أيبك، (ت ق 8ه/14م)، (1972). ***كنز الدرر وجامع الغرر***، تحقيق، سعيد عبدالفتاح عاشور، سعيد بابي الحلب: دمشق.

سبط ابن الجوزي، شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قِزْ، (ت 654هـ/1256م)، (2013)، ***مرآة الزمان في تواريخ الأعيان***، حققه محمد بركات وآخرون، دار الرسالة العالمية: دمشق .

ابن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم (ت632ه/1235م)، (1994)، (1994). ***النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية***، تحقيق، الدكتور جمال الدين الشيال، ط2، مكتبة الخانجي: القاهرة؛ الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة، المكتبة الشاملة: قطر.

الطبري، محمد بن جرير (ت310ه/ 923م)، (1387ه/1967م)، ***تاريخ الرسل والملوك***، دار التراث: بيروت.

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله (ت571هـ/1176م)، (1995). ***تاريخ مدينة دمشق***، وذكر فضلها وتسمية من حلها من الأماثل أو اجتاز بنواحيها من وارديها وأهلها، تحقيق، عمر بن غرامة العمروي، دار الفكر: دمشق.

عماد الدين أبو حامد محمد بن محمد الأصفهاني (ت ٥٩٧ هـ/1201م)، (2002) ***البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان***، تحقيق، عمر عبد السلام تدمري، المكتبة العصرية: بيروت.

أبو الفداء، إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن أيوب (732 هـ/1331 م)، (د.ت)، ***المختصر فى أخبار البشر***، المطبعة الحسينية: مصر.

ابن كثير، عمادالدين إسماعيل بن عمر (ت 776هـ/1374م)، (1997)، ***البداية والنهاية***، تحقيق، عبد الله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر: السعودية.

ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد بن ماجه القزويني (ت ٢٧٣هـ/887م)، (2009)، ***سنن ابن ماجه***، دار الرسالة العالمي: بيروت.

مسلم، مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري، (ت 261ه/875م)، (1916م) ***الجامع الصحيح «صحيح مسلم»***، تحقيق، محمد ذهني أفندي وآخرون، دار الطباعة العامره: تركيا.

المقريزي، أحمد بن علي. (ت845ه/1442م) (1991)، ***السلوك لمعرفة الملوك***، حققه، محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية: بيروت.

ابن نظيف، محمد بن علي الحموي. (ت ق7ه/13م)، (1981)، ***التاريخ المنصوري***، حققه أبو العيد دودو، مجمع اللغة العربية: دمشق.

ابن واصل، محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم. (ت 697ه/ 1298م)، (1957)، ***مفرج الكروب فى أخبار بنى أيوب***، حققه، حسنين محمد ربيع، دار الكتب والوثائق القومية: القاهرة.

الواسطي، أبو بكر محمد بن أحمد بن محمد. (ت 325ه/937م)، (2010) ***فضائل البيت المقدس***، تحقيق، عمرو بن عبد العظيم بن نيازي، مركز بيت المقدس للدراسات التوثيقية: قبرص.

**ژێدەرە نوێیەکان :**

عاشور، سعيد. (د.ت). الحركة الصليبية، صفحة مشرقة من تاريخ الجهاد العربي في العصور الوسطي، مكتبة الأنجلو مصرية: القاهرة.

العسلي، بسام، (د.ت). الأيام الحاسمة فى الحروب الصليبية، دار النفائس: عمان.

العثامنة، خليل. (2006). فلسطين في العهدين الأيوبي والمملوكي 1516 1587، بيروت: مؤسسة الدراسات الفلسطينية .

خان، ظفر الإسلام. (1981). تاريخ فلسطين القديم، ط3، دار النفائس: بيروت.

عودة، محمد عبدالله، (1989)، مختصر التاريخ الإسلامي، الأردن .

قاسم، عبده قاسم، (1990) ماهية الحروب الصليبية، الكويت: عالم المعرفة . .

الكاتب، سيف الدين وآخرون (2014)، أطلس تاريخ العرب والإسلام. دار الشرق: بيروت.

كرد علي، محمد، (1983). خطط الشام، مكتب النوري: دمشق.

خليل، مقبولة حسن الحاج. (2009). مدينة القدس في العهد الأيوبي 583 650 هـ/ 1187 1252م، وزارة الثقافة: عمان.

**ژێدەرە وەرگێردراو و بیانییەکان**

بيشوب، موريس (2004). تاريخ أوروبا فى العصور الوسطى، المركز القومي للترجمة: القاهرة:

ديورانت، ويليام جيمس (1988). قصة الحضارة، ترجمه، زكي نجيب محمُود وآخرين، دار الجيل: بيروت.

الشارتري، فوشيه، (د.ت). تاريخ الحملة إلى القدس، ترجمه زياد جميل العسلي، دار الشروق: مصر.

الصوري، وليم، (1992). الحروب الصليبية، ترجمه، حسين حبشي، الهيئة العامة للكتاب: مصر.

لوبون، غوستاف، (2012)، حضارة العرب، ترجمه عادل زعيتر، القاهرة: مؤسسة الهنداوي، مصر.

هوتسما، م. ت. ؛ أرنولد، ت. و. ؛ باسيت؛ هارتمان، ر. (1998) موجز دائرة المعارف الإسلامية، مركز الشارقة: الإمارات.

(1901) The History of Egypt in themiddleAges, Lane poole, Stanley London.

**نامە زانکۆییەکان :**

سمين، غالب محمود سعيد. (2014). صراع السلطة في البيت الأيوبي بعد صلاح الدين واثره في الحروب الصليبية، (رسالة ماجستير غير منشورة)، قسم التاريخ، جامعة ديالى .

عبدالكريم، سمير حسين، (2013). خلفاء صلاح الدين عند أبى واصل فى كتابه مفرج الكروب فى أخبار بني أيوب، دراسه تاريخية منهجية 589 648 هـ/ 1194 1250 م، (رسالة ماجستير غير منشورة)، قسم التاريخ، كلية الاداب، الجامعة الإسلامية غزة .

**گۆڤاری زانستییەکان:**

النهار: عمار محمد، (2017). الملك كامل والقدس قراءة جديدة، بحث منشور في مجلة دراسات تاريخية، جامعة دمشق، العدد 135 و136، ص 305_ .310

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان :**

بطرياركية الروم الأرثودوكس، القبر المقدس، موقع-ar.jerusalem" "patriarchate.infoمتاح على/https://bit.ly/ 4: bLgRyU.

روسيج سنتر، يروشلايم – القدس، موقع "rossingcenter " متاح : 8KdxQy3https://bit.ly، تاريخ الوصول: 20/ 4/ 2024 .

المرسلون الفرنسيسكان في خدمة الأرض المقدسة، كنيسة القيامة (القبر المقدس)، موقع "custodia.org" متاح على/https://bit.ly/ 3Vctr3: Jتاريخ الوصول: 15/ 4/ 2024 .